گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تێڕوانینی مێژوونوسان (اليعقوبي والطبري والمسعودي) بۆ خەلیفە أبو جعفر المنصور

**م.ی.كامل حبيب رشيد**
بەشی مێژوو، كۆلێژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەكان-سیدصادق، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق
kamil_habib@ymail.com

**م.ی.اسماعيل عبدالله اومر**
بەشی تەكنیكی وەرگێران، پەیمانگەی تەكنیكی كارگێری هەولێر، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق
ismail.omer@epu.edu.iq

**م.ی.كەیفی پیرداود عمر**
بەشی مێژوو، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
kaifee.omar@su.edu.krd

## زانیاریەكانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٥
پەسەندكردن: ٢٠٢٢/١١/٢٣
بڵاو كردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەكییەكان**
*The historians view, Al-Yaqubi, Al-Tabari, Al-Masoudi, for the caliph of Abu Jaafar Al-Mansour*

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی { تێڕوانینی مێژوونوسان (اليعقوبي، الطبري ، المسعودي) بۆ خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنصور} ،توێژەران باسیان لە شێوازی نوسینی ئەو سێ مێژوونوسە كردووە وهەوڵیانداوە بە بەڵگەی خودی كتێبەكانی خۆیان قسە لەسەر تێڕوانینیان بكەن بۆ خەلیفەی ناوبراو، لەڕوویەكی ترەوە كارەكە زیاتر تاكەكەسییە وتێیدا بۆچوون وبیركردنەوەی توێژەران ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت، لەبەر ئەوە پێ دەچێت بۆچوونی جیاوازی تریش هەبێت، دوور نیە كەسانی بە ئەزمون بۆچوونی جیاواز وباشتریان لەلا گەڵاڵە بووبێت، توێژەرانیش نكۆڵی لەو ڕاستییە ناكات.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.4.6

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵیانداوە زیاتر خودی دەقەکان بخەنە ڕوو وکەمتر کار لەسەر بەڵگە هێنانەوە بە بۆچوونی کەسانی دیکە ونوسەری دیکەی بوارەکە بکەن، شایانی نوسینە توێژەران لە هەندێک ڕووداودا زیاتر ماونەتەوە ودرێژەیان پێداوە، بەڵام لە هەندێ ڕووداوی دیکەدا تەنها هەڵوێستەیەکیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووداوەکانی سەرەتای سەردەمی وەرگیراو گەنگەشەی زیاتر وڕاجیاوازی زیاتری پێوە دەردەکەوێت ولێرەوە زیاتر کاری توێژەران بە مەبەست دەگات.
هەر لە درێژەی ئەم توێژینەوەیەدا دەقەکانی سەرچاوە وەرگیراوەکان، تایبەت بە خەلیفەی ناوبراو وەرگیراون و بەجیا شرۆڤەیان بۆکراوە و بەرابەر یەکتر کراون، بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوانیان لەڕووی لایەنگیری و بێ لایەنییەوە بۆ هەمان خەلیفەی عەبباسی، چونکە لەو ڕووەوە تێڕوانینی هەرسێ مێژوونوسمان بۆ دەردەکەوێت.

## پێشەکی:

سەرەتا جێی ئاماژەیە کە وەرگرتنی ناونیشانێکی لەم جۆرە پێویستی بە ئەزمون وشارەزایی زۆرهەیە لە نێو سەرچاوە ڕەسەنەکاندا، لەبەرئەوەی ئەم کارە هەڵسوکەوتە لەگەڵ دەقدا، دەقێکی کۆنی سەردەمی ئیسلامی، کە دەبێت چەندین جار بەسەر تان وپۆی دێڕ و وشەکاندا بچیتەوە بەمەبەستی ڕاڤەکردنی دەقەکان، ئەوەی پێی دەوترێت (هێرمۆنۆتیک)، دەبوو چەندجار بگەڕاینایەتەوە سەر هەمان دێڕ وهەمان دەق، لەلایەکی ترەوە دەبوو زۆربەی ڕووداوەکانی تر لەدیدی هەرسێ مێژوونوسی وەرگیراوی توێژینەوەکەوە بخوێنینەوە وبەراوردی نێوان ڕووداوەکان وچۆنێتی باسکردنی مێژوونوس لە هەر ڕووداوێکدا، بەمەبەستی دەرکەوتنی تێڕوانینی بۆ بابەتەکان، دواتر بەراوردکردنیان بە یەکتر، بۆ چارەسەری ئەمەش پەیڕەویمان لە ڕێبازی ڕاڤەکردنی دەقەکان وڕاڤەکردنی دەق بە دەق کردووە، بۆئەوەی لە چوارچێوەی بەڵگەهێنانەوە بەدەق دەرنەچین وکارەکە متمانەی زیاتر بۆخۆی بەدەست بێنێت، دوورکەوینەوە لە لێدووانی خودیی لەسەر دەقەکان.

لەم توێژینەوەیە کە لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم ناساندنی گشتی لەخۆ دەگرێت لەڕووی کەسایەتی وژیان ومیتۆدی گشتی نوسینی هەر مێژوونوسێک لە کتێبەکانیدا بەگشتی، وهەر لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەرەدا ناساندنێکی کورتی خەلیفە أبو جعفر المنصور کراوە ئەوەندەی بۆ توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە پێویست بکات، لە تەوەری دووەمدا باس لە تێڕوانینی هەرسێ مێژوونوس (الیعقوبي، المسعودي، الطبري ) دەکرێت بۆ خەلیفەی ناوبراو، لێرەدا پرسیارێکی کاکڵەیی لای توێژەران دروست بوو کە ئایا چۆن ئێمە بتوانین تێڕوانینی ئەو سێ مێژوونوسە بزانین لەکاتێکدا ئەوان لە شێوازی خۆیاندا پەیڕەوی لە دەربڕینی بۆچوونی کەسی خۆیان ناکەن لەسەر خەلیفە وکەسایەتی وتەنانەت ڕووداوەکان، لەلایەکی ترەوە سەختییەکی تریش لەگەڵ خوێندنەوەی (تاریخ الرسل والملوک_ الطبري ) چونکە سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی خۆی وەکو سەرەوە باسکرا نەخستۆتە ڕوو، زیاتر لە گێڕانەوەیەکی بۆ هەر ڕووداوێک هێناوە، کە ئەمە وەک وتمان کارەکە زەحمەتتر دەکات، لەبەر ئەمە هەوڵمانداوە لە خاڵی زۆر ورد بڕوانین وبەڵگەهێنانەوە وبەراوردکردن بەکار بهێنین.

ئەو سەرچاوانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان پێ بەستووە، لە سەرچاوە ڕەسەنەکان خودی کتێبەکانی ئەو سێ مێژوونوسە گەورەیە یە، بۆ یەعقوبی (تاریخ الیعقوبي) وبۆ المسعودي (مروج الذهب) وبۆ الطبري (تاریخ الرسل والملوک)، چونکە تێڕوانینی ئەو سێ مێژوونوسەمان کە وەرگرتووە بۆ ئەبوجەعفەری مەنصور لە ڕوانگەی ئەو شاکارانەیانەوە بووە. سەبارەت بە سەرچاوە نوێیەکان زیاتر پشتمان بەستووە بە (عبدالعزیز الدوري: نشأة علم التاریخ عند العرب) و(شاکرمصطفی: التاریخ العربی والمؤرخون)، بەڵام بۆ شیکردنەوەی دەقەکان زیاتر پشتمان بە خودی دەقەکان بەستووە وڕاڤەی دەقمان بە دەق کردووە، خودی خۆیانمان کردۆتە بەڵگە ولە هەندێک شوێنیشدا توێژەران بۆچوونی کەسی خۆیان خستۆتەڕوو.

## یەکەم: ناساندنی گشتی

1- ناساندنی أبو جعفرالمنصور

ناوی تەواوی (عبدالله بن محمد بن علي بن عبدالله بن العباس) ناسراوە بە (أبو جعفر المنصور)، دووەم خەلیفەی عەباسییەکانە، کە لە ساڵی (95 کۆچی/٧١٣ز) لە ناوچی (الحمیمة) لەدایک بووە، دایکی بە (ام سەلامە )ناسراوە، بۆماوەی بیست ودوو ساڵ حوکمی کردووە واتا لەنێوان (136ک بۆ 158ک) بەردەوام بووە لە دەسەڵات (ابن کثیر، 1997: 459).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم خەلیفەیە بەهۆی کارە گرنگەکانی وهەنگاوە سەختەکانی کە لەمێژووی دەسەڵاتداری خۆیدا بڕیونی بە دامەزرێنەری سەرەکی خیلافەی عەباسی دادەنرێت (ابن طقطقى،١٩٧٦: ١٥٨-١٦٠)، ئەگەرچی شەش ساڵ لە برای خۆی، یەکەم خەلیفەی عەباسی گەورەتر بوو، بەڵام بەهۆی گیرانی أبو جعفر لەلایەن ئەمەوییەکانەوە، (ابو العباس السفاح )بووە پێشەوای عەبباسییەکان ودوای ڕووخانی ئەمەوییەکان بووە خەلیفە ودوای مردنیشی وەسییەتی کرد کە أبو جعفر المنصور ببێتە جێگرەوەی، کە لەم کاتەدا لە حیجاز لەحەج دەگەڕایەوە وهەواڵەکەی لەلایەن ابو مسلم پێ وترا (ابن الأثير، ١٩٨٧: 99-102 ؛ ابن كثير، 1997: ٤٦٠-٤٦١).

لەکۆتاییدا چەند تێبینییەکی گرنگ هەیە سەبارەت بەم خەلیفەیە دەخرێتە ڕوو، هەندێکیان پەسنی باشن وهەندیکیان خراپ، لەوانە زۆر وەسف کراوە بە ئەهلی زانست وزانیاری وئەدەب وشیعر وکۆڕی شیعری وزانستی و بە بڕیاردەر ویەکلاکەرەوە باسکراوە (السیوطی، ١٩٩٥: 422) ، لەلایەکی ترەوە بە بکوژ وخونێڕێژی زۆر ناسراوە وکوشت وکوشتاری زۆری کردووە وبەندیخانەکانی پڕ بوون لە خەڵکی وتەنانەت سڵی نەکردۆتەوە لە کوشتنی ناودارەکان ونەوەکانی ماڵباتی پێغەمبەر (ابن طقطقى، ١٩٧٦: ١٦٤-١٦٨).ئەبوجعفر لە ساڵی (158ک) لەڕێگەی حەجدا بوو کاتێ ئازارێکی زۆری سک ئێشەی بۆ هات ، ئەوەبوو لەم ساڵەدا مرد وابن الربيع ی وەزیری بەکەسی نەوت تاوەکو گەیشتنەوە بەغداد وکاتێک المهدی بوو بە خەلیفە، ئەوکاتە ئاشکرا کرا (الطبري، ١٩٨٧: ٨، 59-61).

2- کورتە ناساندنێکی ژیان ومیتۆدی نوسینی مێژوونوس (اليعقوبي 292ک بەدواوە).

ناوی تەواوی بەپێی سەرچاوە ڕەسەنەکان بریتییە لە (أحمد بن اسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح الأخباری العباسي او الهاشمي) (ياقوت الحموي،1993: 557)، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە یعقوبی ناسراوە، نازناوی الکاتب ی هەبووە کە لە شاری بەغداد لەدایک بووە، زیاتر بە جوگرافیناس وگەڕیدە ومێژوونوس ناسراوە، ئەمەش لەبەر زۆری گەڕان وگەشتەکانی بۆ ناوچەکانی ئیسلامی (الزركلي، 2002: 95). یەعقوبی خاوەنی چەند دانراوێکی بەناوبانگە وەک (كتاب التاريخ كبير، كتاب البلدان مجلد، كتاب في أخبار الأمم السالفة صغير، كتاب مشاكلة الناس لزمانهم) (ياقوت الحموي، 1993: 557). دەربارەی ساڵی مردنی ئەم زانایە، گێڕانەوەکانی مێژوونوسان جیاوازن، بەڵام کۆتا بۆچوونی دانپێدانراو ئەوەیە دوای ساڵی 292کۆچی مردووە (الزركلي،2002: 95).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو خۆی دەڵێت: ''ئەم کتێبەمان داناوە بەپێی گێرانەوەی پێشینان لە زانایان وهەواڵوانان، خاوەنانی گێڕانەوە وژیاننامە ومێژوویێتی'' (الیعقوبي، 2010: 5). ئەم دەقە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی نانوسێت بەڵکو هەوڵی داوەبەپێی گێڕانەوی هەواڵوانان وخاوەن زانیاریی مێژوویی بنوسێت، واتا لە خۆیەوە نوسینی نەکردووە.

لەبەرئەوە هاتووە ئەو ڕیوایەتانە وئەوەی کتێبەکانیش باسیان کردووە کۆیکردونەتەوە ونوسیونی چونکە وەک خۆی دەڵێت: ''لەبەرئەوەی تەنها یەک کەس ناتوانێت هەومو زانست بگرێتەوە''(الیعقوبي، 2010: 5).

لەڕووی نوسینەوە زۆر بەکەمی سەنەدی هێناوەتەوە وپشتی پێ نەبەستووە ولەهەندێ شوێنی تایبەتدا نەبێت، تەنانەت هەندی نوسەر وتوێژەری نوێ پێیان وایە زیاتر پشتی بە سەرچاوە عەلەوی وهاشمییەکان بەستووە ولایەنگری عەباسییەکان بووە، ئەمەش بۆچوونی ئەو نوسەرانەیە کە قسەیان کردووە لەسەر مێژوونوسان وبەتایبەت لەسەر یەعقوبی (الدوري، 2005: 45).

3- کورتە ناساندنێکی ژیان ومیتۆدی نوسینی مێژوونوس (الطبري 310ک).

زۆربەی سەرچاوەکانی بواری ژیاننامەی ناودارانی موسڵمانان لە مێژوودا کۆکن لەسەر ناوی (الطبري) کە (محمد بن جریر)ە، ونازناوی (أبو جعفر)ە (ابن خلکان،١٩٦٧: 192؛ الحموي،1993: 2441) ، سەرچاوە ڕەسەنەکان لەسەر ئەوە هاوبۆچوونن کە بە (الطبري ) ناسراوە (ابن خلکان، ١٩٦٧: 192) ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە لێی لەدایک بووە (طبرستان) (الحموي، 1993: ١٣-١٦)، بە هەمان شێوە ئەوە یەکلایی بۆتەوە وگومانی تێدا نییە لە سەرچاوەکاندا، کە لە ساڵی (225کۆچی) لەدایک بووە ولەساڵی (310کۆچی) دنیای بەجێ هێشتووە(ابن خلکان،١٩٦٧: ١٩١- 192؛ الحموي، 1993: 2441).

ئەم مێژوونوسە بۆخۆی زانایەکی فرە بوار وتایبەتمەند بووە، تەنها لە مێژوودا شارەزا نەبووە، بەڵکو لە بوارەکانی تردا زۆر شارەزا بووە هەروەکو القفطي بۆمان دەگێڕێتەوە لەبارەی گەورەیی ئەم مێژوو نووسەوە ودەڵێت : (العالم الكامل الفقيه المقرئ النحوى الحافظ الأخباري. جامع العلوم، لم ير في فنونه مثله، سمع ببلده وبلاد الأعاجم والعراق والشام والمصر والحجاز ( القفطي، ١٩٧٥: 89).

ئەم زانا گەورەیە زۆری وگەورەیی بەرهەمەکانی جێگەی سەر سوڕمانن لەو تەمەنەیدا ، چەندین بواری خوێندووە وبووەتە پسپۆڕ تێیدا ودانراوی گەورە وتایبەتی تێدا نوسیوە، ابن خلكان بەم شێوەیە وەسفی دەکات: " خاوەنی ڕاڤەی گەورە و مێژووی بەناوبانگ، لە زۆر زانستدا پێشەوا بووە لەوانە ڕاڤە و حەدیس و فیقهـ و مێژوو و هیتر، چەندین شاکاری پرچێژی لە زانستە جیاوازەکاندا هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فراوانی زانستەکەی و دەوڵەمەندی شانازییەکانی، یەکێک بووە لە داهێنەرەکان، لاسایی کەسی نەکردۆتەوە." (ابن خلكان، ١٩٦٧: 191).

هەروەها ابن خلدون لەڕیزی ئەو چەند مێژوونوسە ڕەسەنە دایناوە، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، پێی وایە طبری داهێنەرە و هەرچی دواتر هاتووە لاساییی کەرەوەیە(ابن خلدون، المقدمة، ٢٠٠٤: ٨٢).

لە دانراوە بەناوبانگەکانی: (تاریخ الطبري ) بریتییە لە (کتاب تاريخ الرسل والأنبياء والملوک) (الحموي، 1993: 2441). بەزۆرێک لە ناوچەکانی ئیسلامی وەکو (بەغداد و واسط وبەصرە وکوفە وشام ومیصر)دا گەڕاوە وزانست وزانیاری شەرعی وحەدیسی کۆکردۆتەوە ودواتر گەڕاوەتەوە بەغداد و پاشان لەنێوان بەغداد وطبرستاندا لەسەر سەفەر بووە ، بەم هۆیەوە زۆر شارەزا وئاگاداری زانستەکانی دیکە بووە (الحموي، 1993: 2447-2448 ؛ مصطفى، 1983:253).

سەبارەت بە میتۆدی نوسین پەیڕەوی لە میتۆدی ڕاستەقینەی بەڵگەکاری (اسناد) کردووە (الدوری، 2005: ٤٧)، کە بریتییە لە پاراستنی ئەمانەت وگواستنەوەی دەقەکان وەکو خۆی یان نزیک لە بنەڕەتەکەی، ئەمەش بە پشت بەستن بە ڕێبازی گواستنەوەی (الحديث) کە شێوازێکی پتەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان (الشهرزوری، 2002: 113-115).

الطبري پەیڕەوی لە سیستەمی اسناد کردووە واتا کام ڕیوایەتە سەنەدی بەهێزتربێت، ئەوەیان ڕاسترە وجێی دڵنیایی زیاترە (الدوری، 2005: ٤٨)، ئەگەرچی خودی الطبري دەڵێت: ''ئەوەی من گواستومەتەوە تەنها وێنەیم کێشاوەتەوە وکاری هەڵێنجانی ئەقڵیم تێدا نەکردووە.'' (الطبري ، ١٩٨٧: ٨).

4- کورتە ناساندنێکی ژیان ومیتۆدی نوسیینی مێژوونوس (المسعودي ٣٤٦ک).

ناوی تەواوی (علي بن الحسين بن علي) یە، زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نەوەی (عبدالله بن مسعود)ە و لە بەغداد پێگەیشتووە وماوەیەکیش لە میصر بووە، لەڕووی بیر وبۆچوونەوە وەک الذهبی بۆمان دەگێڕێتەوە مەسعودی معتزلیی بووە(الذهبی، ٢٠٠٤: 2772) ، گەڕیدەیەکی زۆر کارا بووە کە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕژهەڵات ولە ڕۆژئاوا گەڕاوە، وتەنانەت وڵاتانی چین وهیندیشی بینیوە وگەشت وگەڕانی زۆری کردووە، کۆتاشوێن لە میصر دەگیرسێتەوە، لە فسطاط نیشتەجێ دەبێت، دواتر لە ساڵی 346ک کۆچی دوایی دەکات.

ئەو کتێبەی لەم توێژینەوەیەدا بەهەند وەرگیراوە پەرتوکی (مروج الذهب ومعادن الجوهر_ یاخود بە تاريخ المسعودي ناسراوە)، لەم کتێبەدا باسی میژووی کۆنی جیهان و پاشان باسی مێژووی ئیسلامی کردووە (زیدان، ١٩٨٨: 316-317).

سەبارەت بە مێتۆدی نوسینی، زیاتر هەواڵەکانی پێشووی وەرگرتووە ولە کەسێکەوە دەیگێڕێتەوە، بەڵام پشتی بە سەنەد نەبەستووە، شێوازی نوسینیشی شێوازی مێژووی گشتگیرە ، ئەوەی جیاوازە لە سەرچاوەکانی تر، ئەم شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان ، ئەمیش لەلایەن ابن خەلدونەوە بە یەکێک لە مێژوونوسە داهێنەرەکان دادەنرێت، بەدوور بووە لە لاسایی کردنەوە (ابن خلدون، ٢٠٠٤: ٨٢-٨٣، ٩١-٩٢).

## دووەم: تێڕوانینی هەرسێ مێژوونوس (اليعقوبي ،الطبري ، المسعودي) بۆ أبو جعفر المنصور

سەرەتا جێی ئاماژە پێکردنە کە کاری بەم شێوەیە ودەرخستنی تێڕوانینی ئەو سێ مێژوونوسە کەمێک زەحمەتە، بەهۆی ئەوەی ئەوان لە باسکردنی ڕووداوەکاندا بۆچوونی خۆیان نەخستۆتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە خۆمان بڕیار بدەین لەسەر شێوازی نوسینی ئەم سێ گەورە مێژوونوسە سەبارەت بە أبو جعفر المنصور بەرمەبنای شێوازی نوسینیان لە باسکردنی ڕووداوەکاندا، لەبەرئەوە هەوڵمانداوە میتۆدی بژارکردن بەکاربێنین، ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی چەند ڕووداوێکی گرنگی سەردەمی أبو جعفر المنصور وبەراوردکردنی شێوازی خستنەڕووی ئەو ڕووداوانە، لە هەرسێ

سەرچاوەکەدا، لەمەشەوە هەوڵدەدەین جۆری تێڕوانینی هەرسێکیان بەشێوەیەکی بەراوردکارانە بخەینەڕوو، تاڕادەیەک شێوازی هێرمۆنتیاکای ئیسلامی پەیڕەو دەکەین (ابن خلدون، ٢٠٠٤: ص ٨٠-٨٥). ئەم شێوازەی وەرگرتنی ڕووداوانە بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکەیە بەهۆی ئەوەی کە جۆری توێژینەوەکەمان وبڕوقەبارەی دیاریکراوی پێسوەختە وامان لێ دەکات وابەستەی نوسینی کورت وپوخت بین، لەمەوە ناتوانین زۆربەی یاخود هەموو ڕووداوە باسکراوەکانی سەردەمی ئەو خەلیفەیە وەربگرین، لەپێناو پێکانی ئامانجەکاندا هەوڵمانداوە ڕووداوەگرنگەکان وەرگرین وبەراوردی بۆ بکەین.

1- بەیعەت

سەبارەت بە چۆنێتی بەیعەت پێدان و وەرگرتنی خیلافەت، لە هەرسێ سەرچاوەکەدا باسکراوە، بەڵام لە شێوەی گێڕانەوەکان وکورتی ودرێژدادڕی ڕووداوەکاندا جیاوازییان هەیە، سەرەتا الیعقوبي وەردەگرین، دەبینین ئەم مێژوونوسە زۆرتر لە دوو سەرچاوەکەی تر گرنگی بە أبو جعفر المنصور دەدات، چونکە لە کاتی باسکردنی ئەم ڕووداوەدا سەرەتا یەک پەرەگراف باسی لەدایک بوونی دەکات ودواتر یەک پەرەگراف تەنها باسی ڕەوشی فەلەکی وئەستێرەکان دەکات لەو ڕۆژەی کە تێیدا أبو جعفر بووە بە خەلیفە، کە تاڕادەیەک ئەمە شێوازی یەعقوبی خۆیەتی لە سەرجەم کتێبەکەیدا(الیعقوبي، 2010: ٢٩٩-٣٠٠).

هەر ئەم ڕووداوە لای الطبري باسکراوە وبۆمان دەگێڕێتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە تەنها ئەوەندە نەبێت بە درێژتر لە هەردوو الیعقوبي والمسعودي بۆمان دەگێڕێتەوە، جگەلەوەی الطبري تەنها ڕووداوەکانی بەلاوە گرنگ بووە وباسی خودی أبو جعفر ناکات وەک ئەوەی یعقوبي کە گرنگی زیاتر بە لایەنە تایبەتییەکانی ئەم خەلیفەیە دەدات(الطبري، ١٩٨٧: ٨، ٤٦٨-٤٧٤).

شایانی ئاماژە پێکردنە المسعودي جیاواز لە دوو مێژوونوسی پێشوو(بۆ زانیاری خوێنەر بەندە کاتێک ئاماژە بە دووەکەی تر دەکات مەبەست لە دوو مێژوونوسەکەی جگە لە ئەم مێژوونوسەیە کە باس دەکرێت) ، سەرەتای گێڕانەوەکانی بۆ أبو جعفر بە گێڕانەوەی کورتەیەکی یەک پەرەگرافی بۆ ناو وژیاننامە ووەرگرتنی خیلافەت وساڵەکانی تەمەن ودەسەڵاتدارییەکەی دەست پێ دەکات، دواتر ڕاستەوخۆ هەندێ باس وخواسی ئەدەبی وپەخشان ئامێز دەخاتە ڕوو وتێیدا باسی هەندێ ڕووداوی ناپێویست وتاڕادەیەک تەنز ئامێز دەکات بۆ ئەم خەلیفەیە ، کە ئێمە دید وتێڕوانینی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوونوسەمان بۆ دەردەکەوێت سەبارەت بە أبو جعفر، کە دیارە خودی خەلیفە لای ئەو زۆر گرنگ نەبووە، ئەو گێڕانەوانەش پێ دەچیت بۆ مەبەستێکی خودی مێژوونوس بگەڕیتەوە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە لەم گێڕانەوانەدا زیاتر گرنگی بەو کۆڕانە دەدات کە تێیدا خەلیفە باسی ئەمەوییەکانی کردووە، واتە چۆنێتی باسکردنەکانی خەلیفە بۆ ئەمەوییەکان (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢، 234-237).

بەم شێوەیە جیاوازی نێوان هەرسێ سەرچاوەکە لەسەر مەسەلەی بەیعەت تاڕادەیەک باسی دەکەن بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، بەپێی شێوازی خۆیان باسیان کردووە وبەپێی گرنگی دانیان بە ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

2- لەناوبردنی ڕکابەرەکانی

خەلیفە أبو جعفر دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، هەوڵی لەناوبردنی چەند کەسایەتییەکیدا کە خاوەن هێزی سەربازی ومیللی بوون، ئەوانیش ابومسلم خوراسانی وعبدالله بن علي، کە دووەمیان مامی خەلیفە خۆی بوو ، هەرسێ سەرچاوەکە باسی ئەو ڕووداوانە دەکەن، بەڵام جیاوازی نێوانیان دوای وردبوونەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکەی ڕەسەنی وەکو (أخبار الطوال) دەردەکەوێت. (الدينوري، ١٩٩٥: ٣٤٨-٣٤٩)

دەسپێک دەمانەوێت بزانین یەعقوبی چۆن باسی مەسەلەی کوشتنی ابومسلم دەکات، زۆر گرنگی بە خودی ئەبوموسلیم نەداوە وبەلایەوە گرنگ نەبووە باس لە کارەکانی ئەبوموسلیم بکات، واتا بە بۆچوونی تویژەر کەمتر لایەنگری ئەبوموسلیم بووە وئەو وێنەیەی لە گێڕانەوەی یەعقوبییەوە بۆمان دەگوازرێتەوە لەبارەی ئەبوموسلیمەوە وێنەی کەسێکە کە شایانی ئەو جۆرە سزایە بووە (اليعقوبي،2010: ٣٠٠-٣٠٤).

یەکەم دەرکەوتنی هەواڵی ابومسلم لە یعقوبي ولەسەردەمی خیلافەتی أبو جعفردا، بە دێڕێک بەیعەتدانی ابو موسلم بۆ ابووجعفر دەگێڕێتەوە ودەڵێت: " فبايع أبو مسلم ومن حضر من الهاشميين والقواد"(اليعقوبي، 2010: ٣٠٠) ، ئەمە بەراورد بە دوو سەرچاوەکەی تر جیاوازە ودواتر کە باسی ئەوانمان کرد دەردەکەوێت.

دواتر باسی پلانی زیرەکانەی أبو جعفر دەکات بۆ لەناوبردنی هەردوو ڕکابەرەکەی (أبو مسلم وعبدالله بن علي)، چونکە یعقوبي لێرەدا باس لەوە ناکات کە دوو سەرچاوەکەی تر باسی دەکەن وئاماژە بە ڕەزامەندی ئەبومسلم دەکەن ودڵسۆزی ئەبو مسلم بۆ خەلیفە دەردەخەن، بەڵام یەعقوبی لێرەدا باسی ئەوە دەکات کە ابو مسلم ناڕازی بووە ورقی لەوە بووە بچێت بۆ شەڕی عبدالله بن علي وبە ناچاری ودوای زیاتر سوربوونی خەلیفە گوایە ڕازی بووە، وەک دەبینین بۆمان دەگێڕێتەوە: " فکره ابومسلم"(الیعقوبي، 2010: ٣٠١).

پاشان دوای هەواڵی شەڕکردنی ئەبوموسلم دژی عبدالله بن علي باسی داواکردنی غەنیمەتەکانی شەر دێتە ئاراوە و أبو جعفر داوای غەنیمەتەکنی شەڕ دەکات، لێرەدا الیعقوبي باس لەوە دەکات کە گوایە ابومسلم دژوێن وقسەی زۆر خراپ بە خەلیفە دەڵێت وپیاوەکانی خەریک بووە نێردراوەکەی خەلیفە بکوژن، بەڵام ابو مسلم نەیهێشتووە، دوای ئەوەی أبو جعفر بیستییەوە دژوێن بە دایکی دراوە چیتر ڕاناوەستێت، وەک دەڵێت: " وتناول ابا جعفر بلسانه، حتی ذکر أمه" پاشان دەگێڕێتەوە کە هەواڵەکە جۆتەوە بۆ أبو جعفر وئەویش ئەوەی لە دڵیا بوو زیاتر گەورەبوو ودەڵێت: "فانصرف القوم الی ابی جعفر، فأخبروه الخبر، فزاد ذلک فیما فی قلبه علیه"(الیعقوبي، 2010: ٣٠٣).

سەبارەت بەم مەسەلەیە لەلای الطبري، زۆر بە دووروودرێژی باس وخواس وکارە گرنگەکەنی ابو مسلم دەکات بۆ بنەماڵەی عەباسی وبۆ أبو جعفر ولە چەندین ڕیوایەتدا نیەت پاکی ودڵسۆزی ولەسەر حەق بوونی ابومسلم دەردەخات(الطبري، ١٩٨٧: ٨، ٤٦٨-٤٧٩). لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند دەقێکی کورت بهێنینەوە، بۆ بەبیر هێنانەوەش کەپێشتر باسکرا یەعقوبی دەڵێت ابومسلم ناڕازی بوو بەوەی بینێرن بۆ شەڕی عبدلله بن علي، بەڵام الطبري باسی ئەوە ناکات وەک دەڵێت: " ئەوەبوو أبو جعفر خۆی تەرخانکرد بۆ شەڕی عبدالله بن علي و ابو مسلم ، هەربۆیە ڕوویکردە ابو مسلم و وتی ئەوە من و ئەوە تۆ، بەمەش ابو مسلم ترسا و هەڵهات بۆ حەڕان بۆ لای عبدالله بن علي" (الطبري، ١٩٨٧: ٤٧٥).

سەبارەت بە مەسەلەی جوێن دانەکەی ابو مسلم وهۆکاری کوشتنەکەی لەلایەن أبو جعفر، الطبري باسی جوێنەکە ناکات وبەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر پێشتر وبۆ سەردەمی ابالعباس السفاح(الطبري، ١٩٨٧: ٤٧٩-٤٨٢)، دواتر دێتە سەر مەسەلەی جوێنەکە و دەڵێت: " خەڵکانێک چوونە لای أبو جعفر و هەواڵەکەیان پێوت، ئەمە بووە مایەی زیادکردنی ئەو ڕقەی لەدڵیدا بوو" (الطبري، ١٩٨٧:

٤٨٢). هەرچەندە لە ڕیوایەتی دوای ئەمەدا کە هەر ئەم دوو ڕیوایەتە دەهێنێت ودەڵێت: " وشتم أبا جعفر (جوێنی بە أبو جعفر دا)"(الطبري، ١٩٨٧: ٤٨٣) ، لەمە زیاتر باسی دژوێندان ناکات بە دایکی أبو جعفر لەمەوە گومانی ئەوە دەکەین پێ دەچێت الطبري بێلایەن بێت ویەعقوبی مەیلی بەلای أبو جعفردا هەبێت.

جیاواز لەم دوو سەرچاوەیە مەسعودی ڕیوایەتەکان لەسەر شێوازی خۆی دەخاتە ڕوو، دوای ئەوەی هەندێک باسی جیاوازییەکانی نێوان ابومسلم وأبو جعفر دەکات ودووڵی أبو جعفر دەخاتە ڕوو لە بڕیاری کوشتنی ابو مسلم وپاشان بەکورتی باسی دەرچوونی عبدالله بن علي وناردنی ابو مسلم دەکات وهیچ جۆرە نارەزایەتییەک ناگێڕێتەوە کە لەلایەن ابو مسلم دەربڕدرابێت، واتە گوێڕایەڵ بووە بۆ فەرمانی خەلیفە، ئەمەش هاوڕایی نێوان المسعودي والطبري ولەهەمان کاتدا جیاوازی مەسعودی لەگەڵ یەعقوبی دەخاتە ڕوو، لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەڵێت: " ثم بعث ابو مسلم، فكانت له معه حروب كثيرة ببلاد نصيبين"(المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٤١).

دەربارەی مەسەلەی وەرگرتنەوەی غەنیمەتەکانیش وەکو سەرچاوەکانی پێشوو باسی دەکەن، تەنها ئەوە نەبێت، لای مەسعودی بەهیچ شوێوەیەک ڕیوایەتێک نابینین تێیدا ابو مسلم دژوێنی دابێت، بە پێچەوانەوە باسی خەلیفە ناکات وتەنها قسەیەکی خراپ بە يقطين دەڵێت: " لاسلم عليک یا ابن اللخناء"(المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٤١؛ مصطفی، 1983: 253) لێرەدا گومان دەکەین کە المسعودي زیاتر لایەنگری ابو مسلم بێت، چونکە تەنها یەک ڕیوایەتی هێناوە ووتێیدا هیچ قسەیەکی خراپ بە خەلیفە نەوتراوە.

سەبارەت بە ڕکابەرێکی تری أبو جعفر (عبدالله بن علي) وبۆچوونی ڕیوایەتەکانی نێو هەرسێ سەرچاوەکەی وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە، سەرەتا دەبینین لە یەعقوبیدا بە هەمان شێوە لایەنگیری بۆ أبو جعفر پێوە دیارە وبەڵام لە الطبریدا بەو شێوەیە نیە وبێ لایەنی خۆی دەردەخات ولە مەسعودیشدا بابەتەکە بەکورتی باسکراوە، گێرانەوەکە لەسەر عبدالله بن علي لە هەرسێ سەرچاوەکەدا بەم شێوەیەی کە بەیعەتی نەداوە بە أبو جعفر المنصور وتویەتی کاتی خۆی ابی العباس وپێی وتین هەرکەس شەڕی مەروان کوڕی محمد بکات وببێتە نوێنەر وبەر لەشکر ئەوە دەبێتە جێگرەوەی من، بۆیە دژی خەلیفە وەستایەوە وهەرسێ سەرچاوەکەش وەک یەک هەواڵەکە دەگێڕنەوە وجیاوازیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوتۆ نیە لە ڕووداوەکەدا بەلەبەرچاوگرتنی شێوازی هەریەکێکیان(الیعقوبي، 2010: ٣٠١ ؛ المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٤١ ؛ الطبري، ١٩٨٧: ٨، ٤٧٤).

3- بۆچوونی هەرسێ سەرچاوەکە بەگشتی لەسەر کەسایەتی خەلیفە أبو جعفر المنصور

لەپاش وەرگرتنی ئەو چەند ڕووداوە گرنگ وهەستیارەی سەرەتای سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنصور وبەراوردکردنی گێڕانەوەکان لە هەرسێ سەرچاوەی ڕەسەنی وەرگیراودا، دێینە سەر هێڵە گشتییەکانی سەردەمی خەلیفەی ناوبراو تا کۆتایی لەسەرچاوە وەرگیراوەکاندا:

بۆ بابەتی تێڕوانینی ئەو سێ مێژوونوسە بەرامبەر کەسایەتی خەلیفە (أبو جعفر المنصور) ئەگەرچی لە هەندێ دێڕدا باسی کەسایەتییەکەیان کردووە، بەڵام لە چەندین ڕستەدا باسی هەندێ ڕووداویان کردووە کەسایەتی خەلیفەی لێ دەخوێنرێتەوە.

سەرەتا لە گێڕانەوەکانی یەعقوبییەوە دەستپێدەکەین، دەبینین کاتێ گێڕانەوەکانی سەردەمی خەلیفەی ناوبراو دەخاتە ڕوو، زیاتر لایەنگری بۆ خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنصور پێوە دیارە، بەبەڵگەی ئەوەی زۆربەی باسەکان بۆ دەرخستنی ڕووی بەهێز وباشی خەلیفەیە وبەنمونە دەگێڕێتەوە کە شاری مصیصی دروستکردۆتەوە، پێنچ جار حەجی کردووە، لەسەردەمی ئەودا ساڵانە حەج کراوە، باسی ئەو غەزایانە دەگێڕێتەوە کە ئەنجامی داون، پاشان ناوی سەرجەم والیەکانی سەردەمی ئەوی هێناوە بۆ سەر ناوچەکان، بەم شێوەیە زیاتر ڕووی باشی ئەوی خستۆتە ڕوو وکەمتر کاری لەسەر لایەنە خراپەکانی کردووە (الیعقوبي، 2010: ٣٢٨-٣٣٣).

سەبارەت بە تێڕوانینی المسعودي بۆ کەسایەتی خەلیفەی ناوبراو، ناتوانێت لە وەسفی تێپەڕێت و ئەگەر بۆ ئەدەبی موسڵمانێتی خۆیشی بێت بە چەند دێڕێک وەسفێکی جوانی خەلیفە دەکات و دەڵێت:" خاوەن بڕیاری دروست و سیاسەتی گونجاو بووە، زۆر دەست و دڵکراوە بووە، مانگانە پارەی ناردووە بۆ ئامۆزاکانی" (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٥٤-٢٥٥)، سەرەڕای ئەم وەسفە چەند ڕووداوێک دەگێڕێتەوە گوازرشتن لەوەی خەلیفە کەسێتییەکی دڕدۆنگ و بێ متمانە و توندی هەبووە، تەنانەت لەگەڵ دۆستەکانی خۆیشیدا، وەک ئەو ڕووادوەی بەسەر وەزیرێکی خەلیفەدا ڕوودەدات، ئەو وەزیرە ناوی (أبا أیوب الموریاني) بووە، المسعودي بە وردی باسی دەکات. (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٥٤-٢٥٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی مێژوو نوس مێژوونوسی سێیەممان (الطبري) لە کۆتایی ئەو بەشەی باسی ئەم خەلیفەیە دەکات دێتە سەر سیفەتەکانی، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە خدی خۆی تەنها بە دوو دێڕ سیفەتە جەستەییەکانی باس دەکات و دواتر دەچێتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوە جیاوازەکان و هەڵوێستی کەم و زۆری ئەو خەلیفەیە، لە درێژەی (47)لاپەڕەدا هەر باسی ئە بەسەرهاتانە دەکات کەسانی دیکە گێڕاویانەتەوە، بەنمونە زۆر باسی شێوازی دیاریکردنی خەلیفە (المهدي) و بەیعەت پێدانی دەکات، تا کۆتایی ڕستەیەکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێت بەڕوونی باسی سیفەتی (أبو جعفر)ی کردبێت و گوزارشت بێت لە تێڕوانینی (الطبري) خۆی. (الطبري،١٩٨٧: ٨: ٦٢-١٠٩).

4- هەڵوێستی (أبو جعفر المنصور) لەسەر شیعە و خەواریج بە گشتی و نەوەکانی ئیمامی علي بەتایبەتی

سەرەتا (اليعقوبي) لە گێڕانەوەکانیدا باسی دەرچوونەکانی نەوەکانی ئیمامی علي دەخاتە ڕوو و چاکییان و پیا هەڵدانیان باس دەکات، لەبەرامبەردا دەریدەخات کە خەلیفە زۆر توند مامەڵەی لەگەڵ شیعەکاندا کردووە، ئەم تێڕوانینەی مێژوو نوسی ناوبراو لەو ڕووداوەوە دەخوێنینەوە کە باسی نەوەیەکی (مسلم بن عقیل/ یەکێک لە بنەماڵەی ابي طالب بووە و لە ساڵی ٦١ک لە کوفە بە زوڵم لەلایەن عبدالله بن زیاد کوژرا) دەکات، کاتێک لە ساڵی ( 144ک / ٧٦٢ز) لەڕێگەی چوونی بۆ حەج لە نزیکی مەدینە چاوی بە هەندێک لە عەلەوییەکان دەکەوێت و پرسیاری (محمد نفس الزکیة)یان لێ دەکات و ئەوانیش هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە پێ ناڵێن، لەنێویاندا کەسایەتییەکی بەتەمن هەبووە بەناوی (محمد بن عبدالله بن عمرو بن عثمان- نەوەی مسلم بن عقیل)، خەلیفە پرسیاری لەم پیاوە کرد هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت، خەلیفە لێی تورە دەبێت و هەموو ئەو شتانەی بەدیاری پێی دابوو بەچاویدا دەداتەوە و زۆر بەتوندی یەک زللەی لێ دەدات و فەرمان دەکات بەدوای گوێدرێژێکدا ڕایدەکێشن، لە هەمان کاتدا ئەم پیاوە یەکێک بووە لە دۆستەکانی بەڵام زۆر بەخراپی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، سەرەڕای ئەم ڕەفتارە بەڵام (اليعقوبي) هەوڵی نەداوە خەلیفە ناشیرین بکات (اليعقوبي، 2010: ٣١٣-٣٢٢).

سەردەمی خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنصور لە المسعودیدا زۆر جیاواز لە اليعقوبی دەردەکەوێت، چونکە ئەوەی دوای خوێندنەوە بۆمان دەرکەوتووە المسعودی لە کتێبی (مروج الزهب ومعادن الجوهر)دا لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوار ڕووەوە ڕووداوەکانی خستۆتە ڕوو، لەوانە بەشێکی گێڕانەوەکانی بۆ زەمکردنی ئەمەوییەکان لەلایەن ئەبوجەعفەری مەنصورەوە تەرخان کردووە(المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٣٦-٢٣٨)، لەلایەکی ترەوە باسی نەیارەکانی خەلیفەی ناوبراو دەگێڕێتەوە(المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٤١-٢٤٢)، جگە لەوانە گرنگی داوە بە چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی نێوان خەلیفە وشاعیر وپیاوە ناودارە ئاینییەکانی ئەو سەردەمە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدات زوڵم وزۆری خەلیفەی ناوبراو دەربخات واتا ئەو چیرۆکانەی کردووە بە بەهانە ولە پشتی پەردەوە خراپییەکانی وپەسن وبیرۆکەکانی خۆی دەربارەی ئەو خەلیفەیە دەخاتە ڕوو، بە نمونە لە چیرۆکی نێوان عمرو بن عبید وخەلیفەدا باسی ستەمکاری خەلیفە دەکات کە چۆن ئەو پیاوە لەخواترسە ئامۆژگاری خەلیفە دەکات لە چۆنێتی بەکارهێنانی پارەو موڵکی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٥٠-٢٥١).

لەڕوویەکی ترەوە المسعودی هەوڵیداوە هەواڵی نەوەکانی ئیمامی علي بەتایبەت لەو سەردەمەدا کوڕەزاکانی ئیمامی حسن بخاتە ڕوو و زۆر بەوردی وگرنگییەوە باسیان دەکات، تەنانەت بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی گێڕانەوەی سەردەمی ئەبوجەعفەر بە باسی ئەوان تەواو دەکات، وزۆر بەڕوونی دەربڕینی کوشتنی نەوەی پێغەمبەر لەلایەن خەلیفەوە دەخاتە ڕستەوە، بەڵام لەزاری یەکێک لە نزیکەکانی خەلیفەی ناوبراو خۆیەوە، واتا هەر وەک ئەوەی پێشتر باسمانکرد ئەوانە دەکات بەبەهانە ودەردی دڵی خۆی فەسانە دەکات، تەنانەت بە دەقی ڕاشکاوانە قسە لەسەر کوشتنی نەوەی پێغەمبەر(د.خ) دەکات لەلایەن خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنصورەوە، کە لەو دەقەدا دەگێڕێتەوە: " ڕۆژێک خەلیفە دوای کوشتنی محمد و ابراهیم قسە بۆ سەرانی کۆشک دەکات و تێیدا وەسفی حەجاجی کوڕی سەقەفی دەکات، کەسێکی ناو دانیشتنەکە دەڵێت: ئێمە لە حەجاج کەمترمان نەکردووە، پێغەمبەر (د.خ) کە ئازیزترین کەسە، داواتکرد نەوەکانی بکوژین بەقسەمان کردیت، خەلیفە بێ دەنگی دەکات. (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٤٧).

لە شوێنێکی تردا باسی ئەو ڕێگرییانە دەکات کە ڕەنگە بەهۆی مانەوەی نەوەکانی ئیمامی عەلییەوە توشی بهاتایە، ودەڵێت کە المنصور خواردنێکی خۆشیان بۆ هێنا وبۆنی کرد، وتی: ئیبراهیم دەیویست ئەمەو هاوشێوەکانیم لێ حەرام بکات. (المسعودي، ٢٠٠٥:٢٤٧). لێرەدا دەبینین کە مەسعودی بە ئاشکرا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەیەوێت بڵێت المنصور نەوەکانی ئیمامی عەلی بەرێگر زانیوەوتاوەکو ئەوان مابن خۆشی لەژیان نابینێت وبۆیە لەو پێناوەدا کاری کردووە وزۆربەیانی کوشتووە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین المسعودی زۆر بەخراپی باسی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنصور دەکات، بەبەڵگەی ئەوەی کە ڕووداوەکان بەشێوەیەک دەگێڕێتەوە خراپی وکوشتن وبرینەکانی دەخاتە ڕوو، ئەو ڕووەی پیشان دەدات، وزۆر بەدەگمەن پەسن وپیاهەڵدانی خەلیفەی ناوبراو دەکات.

سەبارەت بە مێژوونوس الطبري لە کتێبی (تاريخ الرسل والملوك)، زۆر دەربارەی سەردەمی ئەبوجەعفەر دەڕوات، وەکو هەمیشە زیاتر لە بۆچوونیک وەردەگرێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێک وکەمتر دەکەوێتە ژێر کۆنتڕۆڵی هەستە تایبەتییەکانی خۆیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مێژوونوسە بەشیکی زۆری کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ سەردەمی ئەبوجەعفەر ونزیکەی (208) لاپەڕە لە بەرگی حەوتەم و (109) لاپەڕە لە بەرگی هەشتەمدا باسی سەردەمی ئەم خەلیفەیە دەکات وزۆر بەفراوانی سەبارەت بەسەرجەم لایەنەکان دەگێڕێتەوە(الطبري، ١٩٨٧: ٨، ٤٤٨ ).

دەتوانین بڵێین ئەم مێژوونوسە زۆر بە دادپەروەرانە باسی لە سەرجەم ڕووەکانی سەردەمەکە کردووە وباشی وخراپییەکانی خەلیفەی ناوبراوی خستۆتە ڕوو، هیچ لایەنگرییەکی ئەوتۆ نابینرێت بە گێڕانەوەکانییەوە، لە زۆر شوێندا باسی چاکییەکانی ئەبوجەعفەر دەکات وباسی لایەنی ئەمنی دەکات وباسی کارە ڕێک وباشەکانی حەجکردنی وغەزا ودروستکردنی شاری بەغداد وسەرجەم ئەوکارە سەخت وگەورانە دەکات کە کردوونی، لە هەمان کاتدا باسی ئەو ڕوداوانەش دەکات کە گومان هەڵگرنین و بەڕاستی ڕوویانداوە وناشاردرێنەوە، ئەگەرچی دژی خەلیفەی ناوبراویش بووبێتن.

## سێ یەم :ئەنجام

1- لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، دەتوانین بڵێین هەرسێ سەرچاوەکەی وەرمان گرتووە بۆ زانینی تێروانینی مێژوو نوسان (اليعقوبي، المسعودي، الطبري) بۆ خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنصور، لەیەک جیاوازن وبەمەش تێڕوانینی ئەو سێ مێژوونوسەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە کاتێک مێژوونوس ڕووداوێک دەنوسێتەوە دەتوانێت بەچەند ڕوو ولایەنی جیاواز کارەکە ئاڕاستە بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تواناکانی ئەو مێژوونوسە ومەبەستە تایبەتییەکانی لە نوسینەوەی ئەو ڕووداوەدا.

2- لە کاتی خوێندنەوە ودووبارە پێدا چوونەوەی چەندجاری لاپەرەکانی کتێبی هەریەک لەو سێ مێژوونوسە، بۆمان دەرکەوت کە مێژوونوس اليعقوبي زۆرتر لایەنگیری بۆ خەلیفە هەیە وزۆر خاتری گرتووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، ئەمەشمان بەبەڵگەی خودی ڕستەکانی مێژوونوس خۆی خستۆتە ڕوو، چونکە کەمتر شتێکی باسکردووە بەلای ئەوەدا بچێت نەنگی بێت بۆ خەلیفەی ناوبراو.

3- لە هەمان کاتدا مێژوونوس المسعودي بەو شێوەیە نیە، لە دوای خوێندنەوەی دێڕەکانی کتێبەکەی خوێنەر بۆی دەردەکەوێت ئەم مێژوونوسە لە چەند شوێدا ویستوویەتی نەنگییەکانی خەلیفە زیاتر بخاتە بەرچاو ودەریبخات چ کارگەلێکی خراپی ئەنجام داوە،

4- هەرچی مێژوونوس الطبريە زۆر دادپەروەرانە باسی سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنصوری کردووە وکەمتر خۆی لە لایەنگری داوە وهیچ نەیهێشتووە لایەنگیری بە بۆچوونەکانییەوە دیار بێت، زۆر بەزەحمەت خوێنەر دەتوانێت بڕیار بدات کە ئەوە تێڕوانینی مێژوونوسە بۆ فلان ڕووداو، ئەگەر نەڵێین زۆرکات هەر ناتوانرێت بڕیار بدرێت.

5- لەکۆتاییدا ولەئاکامی خوێندنەوە وتویژینەوەی سەرچاوەکان بۆمان دەرکەوت کاری لەم شێوەیە زۆر پێویستە، ودەبێت توێژەرانی ئێمە کاری لەم شێوەیە لەبیر نەکەن تاوەکو لە خودی سەرچاوەکان تێبگەین.

## سەرچاوەکان:


سەرچاوە ڕەسەنەکان:

1. ابن الأثير،1987ز، الكامل في التاريخ ، مطبعة دار كتب العلمية، بيروت، لبنان.
2. ابن صلاح الشهرزوري،٢٠٠٢ز، معرفة انواع علم الحديث، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
3. ابن طقطقى، ١٩٧٦ز، الفخري في الآداب السلطانية والدول الاسلامية، دار صادر، بيروت، لبنان.
4. البلاذري، ١٩٨٨ز، فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، بيروت، لبنان.
5. الدينوري، ١٩٩٥، أخبار الطوال، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت، لبنان.
6. الذهبي، ٢٠٠٤ز، سير اعلام النبلاء، بيت الأفكار الدولية، بيروت، لبنان.
7. السيوطى، ١٩٩٥ز، تاريخ الخلفاء، مطبوعاة وزارة الأوقاف والشؤن الإسلامية بدولة قطر، دوحة، قطر.
8. الطبري ، ١٩٨٧ز، تاريخ الطبري (تاريخ الرسل والملوك)، مطبعة دار كتب العلمية، بيروت، لبنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. القفطي، ١٩٧٥ز، أنباه الرواة علي أنبا النحاة، دارصادر، بيروت، لبنان.
10. المسعودي،٢٠٠٥ز، مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار العصرية، بيروت، لبنان .
11. ياقوت الحموى، ١٩٧٧ز، معجم البلدان، دارصادر.  بيروت، لبنان.
12. ياقوت الحموى،١٩٧٦ز، معجم الأدباء، دار صادر، بيروت، لبنان.
13. اليعقوبي، ٢٠١٠ز، تأريخ اليعقوبي، شركة الأعلمى للمطبوعات، بيروت، لبنان.
14. ابن خلدون: ٢٠٠٤، المقدمة، دار يعرب، دمشق، سوريا.
15. ابن خلكان، ١٩٦٧ز، وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، دار صادر، بيروت، لبنان.

سەرچاوە نوێیەکان:

1. أحمد عبدالعزيز،٢٠١٢ز، في التاريخ العباسي، المكتب الجامعي الحديث، قاهرة، مصر.
2. جورجى زيدان، ١٩٨٨ز، تاريخ اداب اللغة العربية، دار الهلال، الأسكندرية، مصر.
3. حكيم أحمد،2009ز، الكورد وبلادهم (عندالبلدانيين والرحالة المسلمين/ 232_626 هـ / 846_12229م)، دارالزمان، دمشق، سوريا.
4. خير الدين الزركلي، 2002ز، الأعلام، دار العلم للملايين, بيروت، لبنان.
5. شاكر مصطفى، 1983ز، التاريخ العربي والمؤرخون، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.
6. عبدالعزيز الدورى، 2005ز، أعمال كاملة-٢/ نشأة علم التاريخ عندالعرب، مركز دراسات الوحدة العربية، بيرووت، لبنان.
7. محمد سهيل، 2009ز، تاريخ الدولة العباسية، دار النفائس، بيروت ، لبنان.

# The Historians View (Al-Yaqubi and Al-Tabari and Al-Masoudi) For the Caliph of Abu Jaafar Al-Mansour

**Asst. Lect. Kamil Habeb Rashid**
Department of History, College of Humanities Education, Seyed Sadeq, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
Kamil_habib@ymail.com

**Asst. Lect. Ismail Abdulla Omer**
Department of Translation Technique, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Ismail.omer@epu.edu.iq

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Asst. Lect. Kaifee Pirdawood Omar**
Department of History, College of Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
kaifee.omar@su.edu.krd

***Keywords:*** *The historians view, Al-Yaqubi, Al-Tabari, Al-Masoudi, for the caliph of Abu Jaafar Al-Mansour.*

## Abstract

This research sheds light on the views and writings of (Al-Yaqoubi, Al-Tabari, Al-Masoudi) about the Abbasid Caliph (Abu Jaafar Al-Mansour), where they listed in their writings and writings the most important incidents that occurred during the period of the caliphate of Al-Mansur. Incidents and their comparison based on the narratives of the three historians contained in their well-known historical books, with the aim of arriving at the different ideas of these people.

The researcher in this research referred to the most prominent and most controversial events during the time of the caliphate of Abu Jaafar al-Mansur, which bear different interpretations and interpretations based on the sources that were quoted. Therefore, the focus has been on some events and not others, due to the large number of events and the inability to collect them in a scientific research, so we referred to the most important, prominent and most effective ones. This does not mean that we did not rely on well-known sources and references in this research.
This research deals with the opinions of the three historians about the events that occurred during the early stages of the reign of Caliph A. Bu Jaafar Al-Mansour, and that these opinions reveal to us the reality of the views we show about these events and the extent of their bias or not, and that except for these writings, there are no other sources that show the views of these historians, so the analysis of these texts was the main and basic source for determining their views on these events that occurred in The time of the rule of the Caliph Abu Jaafar al-Mansur.

------------------------------------------------------------

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الخليفة أبو جعفر المنصور من منظور كل من (اليعقوبي والطبري والمسعودي)


## ملخص:

يسلط هذا البحث الضوء على وجهات نظر وكتابات كل من (اليعقوبي، الطبري ، المسعودي) حول الخليفة العباسي (أبو جعفرالمنصور} حيث سردوا في كتاباتهم ومؤلفاتهم اهم الحوادث التي حدثت خلال فترة خلافة الخليفة المنصور.

استخدم الباحث في انجاز هذا البحث منهج تحليل النص في تحليل الحوادث ومقارنتها بالاعتماد على سرد المؤرخين الثلاثة الواردة في كتبهم التاريخية المعروفة، بهدف التوصل الى الافكار المختلفة لهؤلاء.

وقد اشار الباحث في هذا البحث الى ابرز الاحداث واكثرها وقعا وجدلا في زمن خلافة الخليفة أبو جعفر المنصور، التي تحمل تفسيرات وتأويلات مختلفة استنادا الى المصادرالتي تم اقتباسها منها، ولذلك فقد تم التركيز على بعض الاحداث دون سواها، بسبب كثرة الأحداث وعدم القدرة على جمعها في بحث علمي، لذا اشرنا إلى أهمها وابرزها واكثرها وقعا.

وقد استخدم الباحث اسلوب تحليل النص بالنص دون العودة الى آراء الكتاب الاخرين الذين تناولوا هذا الموضوع ،وان ذلك لايعني باننا لم نعتمد على المصادر والمراجع المعروفة في هذا البحث.

ان هذا البحث يتناول اراء المؤرخين الثلاثة حول الاحداث التي وقعت خلال المراحل الاولى من فترة حكم الخليفة أبو جعفر المنصور،وان هذه الاراء تكشف لنا حقيقة وجهات نظرهم حول هذه الاحداث ومدى انحيازهم من عدمه ،وانه باستثناء هذه الكتابات لاتوجد اي مصادر اخرى تبين وجهات نظر هؤلاء المؤرخين، فتحليل هذه النصوص كانت المصدر الرئيسي والاساسي لتحديد وجهات نظرهم حول هذه الاحداث التي وقعت في زمن حكم الخليفة أبو جعفر المنصور .